## بەرنامەی پێشەسازی

دەتەوی بزانی چۆن شتەکان دروست ئەکری، لە بیرۆکەوە تاکو بەرهەمم هاتووی کۆتایی؟
ئایا حەزدەکەیت کار لە گەل ئامیری کۆمپیوتەری پێشکەوتوو بکەیت؟
ئایا حەزدەکەیت لەگەڵ خەلکی تر کاربکەی، بەلام وەک تایبەتمەند لە بوارەکەی خۆت؟
ئایا حەزدەکەیت کاربکەیت لە پێشەیەکی جیهانی؟
ئایا حەزدەکەیت کارەکەت تاقی بکەیتەوە لەکاتی خوێندن لە قوتابخانەی دواناوەندی؟
کەواتە لەوانەیە بەرنامەی پێشەسازی گوونجاو بێت بۆت.

لەبەرنامەی پێشەسازی زانیاری یەکی زۆرت دەست ئەکەوێت لەبارەی پیشەیەکەوە لە پێشکەوتنێکی بەردەوام دا. وەزیفە پێشەسازی یە کان زۆر گۆراون لە ماوەیەکی کورتدا، و بەدرێژایی کاتیش ئامیر و رێگای دروستکردنی نوێ بەکاردەهێنرین. لێرە فێری بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و تەکنەلۆژیای زانیاری دەبیت هەروەها لەبارەی مەواد و ئامرازی جیاواز. و ئەمە وات لێدەکات بیر لە کەیسی گرنگ بکەیتەوە لە ئیستادا وەک ژینگەو دووبارە بەکارهێنان.

پیشەی پێشەسازی پیشەیەکی نیودەولەتی یە. ئەگەر ویستت کار بکەیت لە بواری پێشەسازی واباشە کەسیکی تێگەیشتوو بیت و بایەخ بە کەلتوورەکانی تر بدەیت و هەروەها واباشترینە شارەزایی زمانەوانیت هەبێت. لەبەرئەوە لە ناوەرۆکی بەرنامەکەی پێشەسازی هەلت بۆ دەرەخسی کە قوولبیتەوە لە فێربوونی زمانەکان.

### کارکردن یان بەردەوامی لە خوێندن

ئەگەر بەرنامەی پێشەسازیت هەلبژارد دەتوانی بەدووای کاردا بگەرێیت یەکسەر پاش قوتابخانەی دواناوەندی. جۆری کار کەدەتوانی بەدووای دا بگەرێیت بەندە لەسەر ئەو خۆلانەی خوێندن کە خوێندووتە لە قۆناغی دواناوەندی. هەندێ جار دەست دەکەی بەکار وەک مەشقپێکراوێک لەسەر پیشەکە بۆ ماوەی سالێک یان چەندین سال. مووچەی مەشقپێکراو لەسەر پیشەت پێدەبەخشری و کاردەکەیت لەگەڵ کەسانی مومارس لە پیشەکە تا لیانەوە فێر بیت. چونکە ئەم کەسانە شارەزایی تایبەتیان هەیە وکاردەکەن لە بواری تایبەتی یەکەت بۆ ماوەیەیکی درێژ.

ئەگەر ویستت تۆش دەتوانی بەردەوام بیت لە خوێندنەکەت پاش قۆناغی دواناوەندی، دەتوانی بەردەوامبوونت لە خوێندنەکە هەلبژێری لە پەیمانگایەکی پیشەیی بالا یان خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگای خوێندنی بالا.پرسیار بکە لە سەرپەرشتیاری خوێندن و هەلبژاردەکانی پیشەیی لەبارەی خولی خوێندنی دواناوەندی کە پێویستە لەسەرت هەلیبژیری بۆ ئەوەی لێهاتوو بیت.

### ئەوکارانەی کە دەتوانی بەدەستی بێنی

لەکاتی خوێندن لە بەرنامەی پێشەسازی بۆ نمونە دەتوانی بگەرێیت بە دوای کاردا وەک: کارگەری رۆبۆتی پیشەسازی، تەکنیکی فرە بوار، ئەندازیاری پیوانەیی میکانیکی، تەکنیکی دروستکردنی نموونە، دروستکردنی نموونە، کارگەری بەرهەمم هێنان، لەحیمچی جیهانی، تەکنیکی چاککردنەوەی دار، تەکنیکی چاککردنەوەی و بەرد.

### ناوەرۆکی بەرنامە

بەرنامەی پیشەسازی پێکدیت لە چەندین خولی خوێندن. هەندێک لەم خولانەی خوێندن بەزۆرە بۆهەموو قوتابیان لە قوتابخانەکانی دواناوەندی. لەکاتێکدا خولەکانی تر تایبەتە بە بەرنامەی پیشەسازی . و هەندێک  خولیش بەخۆت هەلیدەبژێریت.

ئەم بەرنامەیە بواری تایبەتی نیشتمانی نی یە. هەموو قوتابخانەیەک بواری تایبەتی خۆی هەیە کە لەگەڵ پیشەسازی یەکانی ناوچەکە دەگوونجێت. نموونە بۆ بواری تایبەتی کارکردنی پیشەسازی کیمیایی، و پیشەسازی دروستکردنی ناوەرۆکی کاغەز و کاغەز، پیشەسازی ئاسنی رەق، پیشەسازی چنین، پیشەسازی دار، پیشەسازی بەرد یان کارکردن لەناو کارگەکان.

لەوانەیە بواری تایبەت کە سەرنجت رادەکێشی نەبیت لە شوێنی نیشتەجیبوونت. پرسیار بکە لە سەرپەرشتیاری خوێندن و هەلبژاردەکانی پیشەیی لەبارەیی بواری تایبەتی یەوە و چی شوێنیک لەوولات دا کە مرۆڤ دەتوانی بیخوێنی. ئەوسا هەلی وەرگرتن لەخوێندن بۆت دەرەخسینی بەهەر حال.

### پەیوەندی بە ژیانی پراکتیکی

لەرێگای بەرنامەی پیشەسازی یەوە پەیوەندی بە ژیانی پیشەییت دەست ئەکەویت لەکاتی خوێندن لە قۆناغی دواناوەندی و بەلایەنی کەمەوە 15 هەفتە لە مەشق پێکردن دەست ئەکەوێت لە شوێنی کارکردن (APU). قوتابخانە هەلدەستی بە هاوکاری لەگەڵ کۆمپانیای جیاواز و شوێنی کارکردن بە ئامادەکردنی شوێنی مەشق پێکردن بۆت لەوناوچەیەی کە نیشتەجیی. پەیوەندیت دەبیت لەگەڵ کۆمپانیای بچووک و گەورە کە لەچەندین وولات هەیە. لەبەرئەوەی بەرنامەی پیشەسازی لەقوتابخانەکەت ئاسانکراوە بۆ ئەوەی بگوونجێ لەگەڵ ئەو پیشەسازی یانەی کە هەن لەناوچەکە و راستی یەکانی ئەم پیشەیەت فێر دەبیت کە دەیخوێنیت لە قوتابخانە. مەشق کردن لە شوێنی  کارکردن ئامرازێکیی باشە یارمەتیت دەدات بتوانی پەیوەندی ببەستی کە ئەتوانی بەکاری بهینی کاتی پیشکەش کردن بۆ کارمەندایتی لەپاشان. ئەگەر ئەتەوێت هەلسی بە مەشق کردن لەشوێنیکی کارکردن لە وولاتیکی تر جگە لە سوید دەکرێت ئەوە ریک بخرێت.

### ئایندە و هەلی کار

هەلی زۆر دەست ناکەویت لە بواری پیشەسازی وەک هەبوو پیش چەند سالیک لەمەوبەر. ئەمەش لەبەر ئەوەی زۆربەی ئیشەکان ئەنجام دەدریت بە یارمەتی ئامیری کۆمپیوتەرو ئامیرەکان. و لەهەمان کاتدا پیشەسازی پێویستی بە توانای گەنجان هەیە و خاوەن بروانامەکان کە دەتوانن کۆنترۆلی ئەم ئامیرانە بکەن و ئەوانەی کە دەزانن پیشەسازی نوێ پێویستی بەچی یە. قورسە بلێین کە ئاسانە یان گرانە کارت دەست کەویت پاش خوێندنی بەرنامەی پیشەسازی. ئەمە رادەوەستی لەسەر ئەو بوارەی کە هەلیدەبژێریت و یان ئایە بازاری کاری پیشەکەت باشە یان خراپە لە سالی دەرچوونت لە قوتابخانەی دواناوەندی.